# میهنەی مەتاعیب
# و
# جێی درۆزنان

سەنگەر زراری
Sangarz81@yahoo.com

عەرەب بە پیشەی رۆژنامەگەری دەڵێن "مهنە المتاعب" واتا "پیشەی ماندووبوون"، چونکە ئەوەی بە دڵسۆزییەوە لە بواری رۆژنامەگەریدا کار بکات، دەبێ خۆی ماندوو بکات و بەدوای راستییەکاندا بگەڕێت، کەچی لەناو خەڵکی عەوامی ئێمەی کورد بە رۆژنامەگەری دەڵێن "پیشەی درۆ".

کاتێ لە پۆلی شەشی ئامادەیی دەرچووم تەنها دووساڵ بوو "بەشی راگەیاندن" لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر کرابووەوە، زۆر حەزم لەم بەشە بوو، کارکردن لە رۆژنامەگەری حەزێك بوو کە لە قۆناغی ناوەندییەوە لە لام دروست ببوو، بۆیە لە فۆرمەکەی "وەرگرتنی ناوەندی-قبول المرکزی"دا پێش هەموو بەش و کۆلێژێك ناوی ئەم بەشەم نووسی، تەنانەت پێش بەشی یاسا کە بۆ ئێمەی بەشی ئەدەبی بەرزترین بەش بوو لە وەرگرتندا، من "بەشی راگەیاندن"م نووسی، هەندێ لە برادەرەکانم کە فۆرمەکەیان دەبینی گاڵتەیان پێ دەهات و دەیانگوت: لەبەرئەوە وات نووسیوە چونکە بەشی یاسا وەرت ناگرێ. منیش لەبەرامبەر ئەو قسەی ئەوان دەمگوت: ئەگەر یاسا بێتە پێش ماڵیشمان ناچم، چونکە حەزم لێی نییە. ئاخر لە ناو ئێمەدا تا ئێستاش نەبۆتە دیاردە و ئەو تێگەیشتنە دروست نەبووە تا بۆ بەشێك هەوڵ بدەی کە حەزت لێیەتی یان لەگەڵت دەگونجێ، بەڵکو لەبەر چاولێکەری یان هەر هۆیەکی تر، هەموو ئەوانەی لە بەشی زانستین حەز بە کۆلێژی پزیشکیی دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن، ئەوانەی لە بەشی ئەدەبیشن هەوڵ بۆ بەشی یاسا دەدەن کە لەونەیە حەزیشیان لێی نەبێت، بێگومان ئەمەش زیانبەخشە هەم بۆ پرۆسەی خوێندن و هەم بۆ ئاست و بەهرەی قوتابی، چونکە هەوڵ نادات سوود لە بەهرەکەی خۆی وەربگرێت کە رەنگە دوور بێت لە کاری پزیشکیی یان یاسا.

کاتێ ناوەکان لە "وەرگرتنی ناوەندی" دەرچوون و بڵاوکرانەوە، لەبەرامبەر زانکۆی سەلاحەدین هەڵواسرابوون، خێرا رۆیشتم بۆئەوەی بزانم ناوم لەو راگەیاندن گەڕاوەتەوە یان نا، ئەوەی ترسیشم لێی هەبوو، ئەوە نەبوو کە لەبەر نمرە وەرنەگیرێم، بەڵکو لەبەرئەوەم بوو نەوەکو لەوەرگرتنی ناوەندی هەڵە بکرێت و ناوەکەم ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت، چونکە تا ئێستاش هەڵەی لەوجۆرە دەکرێت، کەسێك نمرەی بەرزە ناوی لە شوێنێکی زۆر خوار نمرەکەی خۆی دەگەڕێتەوە و بە پێچەوانەشەوە هەندێك کەس نمرەیان نزمە کەچی ناویان لە شوێنی بەرز دەگەڕێتەوە، لەوەش گەڕێ کە زۆرجار دەفتەری تاقیکردنەوە دەگۆڕدرێ و پارە بە مامۆستا دەدرێ بۆئەوەی پرسیارەکان بە قوتابی بڵێ و زۆر شتی تریش کە ئێرە شوێنی باسکردنی نییە. بەهەرحاڵ... کە چووم لەناو قەرەباڵغییەکە بەهەرجۆرێ بوو سوپاس بۆ خوا ناوەکەم لە بەشی راگەیاندن گەڕابووەوە. منیش بە دڵخۆشی گەڕامەوە، لەو بازاڕەی نزیك ماڵی خۆمان کە لە پاس دابەزیم یەکەم کەس کە بینیم باپیرەم بوو.

- ها کوڕم لە کێ وەرگیرای؟ (ئەو زانیبووی کە ناوەکان گەڕبوونەوە و منیش بۆئەوە چووم)

منیش بە دڵخۆشی و بە پێکەنینەوە

- لە بەشی ئیعلام..

— ئیعلان!!؟ ئیعلان چییە!؟

- ئیعلام بابە.. ئەوەی لە جەریدە و مجەلە و تەلەفزیۆنان ئیش دەکەن.

من دەمویست بە زمانێکی سادە شوێنەکەم بە باپیرەم بڵێم.

- ئاااا... جێی درۆیان، ئێ ئێ، هیچ جێیەك نەما چوویە ئەوێ، کوڕم ئەو نەوعە جێیە بەکەڵکی تو نایێ، ئینسانی جەرەبەزە و درۆزنی دەوێ ئەتو فەقیرحاڵی!! دەبوو بچییە جێیەکی باش..

ئەمە یەکەم کاردانەوە بوو دوای ئەوەی کە ناوم گەڕایەوە. دواتر زۆر کەسی دی پێیان گوتم. تەنانەت هەندێ لە برادەرەکانم، ئەوانەی قوتابی ئامادەیی یان کۆلێژ بوون هەمان شتیان پێ دەگوتم، مەبەستم ئەوەیە کە پێیان دەگوتم راگەیاندن جێی درۆیانە، تا ئێستاش ئەم بۆچوونە لای زۆر کەس هەیە کە بەشی راگەیاندن و کارکردن لە راگەیاندن بە درۆ وەسف دەکەن. ئەوەی پێویستە بە جدی پرسیاری لەبارەوە بکرێ ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی راگەیاندن لە ناو ئێمەدا هەمووی درۆیە و جێگای باوەڕ نییە؟ ئەی ئەگەر وا نییە بۆچی ئەم تێڕوانینە لەناوخەڵکدا دروست بووە کە راگەیاندن یەکسانە بە درۆ؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە راگەیاندنی کوردی هەمیشە وێنەیەکی شێواوی واقیعی پێشکەش بە میللەتی خۆی کردووە؟ کەواتە چۆن دەتوانین هەم خۆمان دوور بگرین لە شێواندنی واقیع و وێنەی دروستی شتەکان پێشکەش بە خەڵك بکەین، هەم ئەم تێڕوانینە نادروستە لای خەڵك بگۆڕین کە راگەیاندن واتای درۆ ناگەیەنێ.. بە بۆچوونی من ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر نەوەی ئێستا، دەکەوێتە سەر ئەو گەنجانەی کە ئێستا لە راگەیاندن کار دەکەن، بۆ ئەمەش پێویستە بەراستگۆیی و بە لەسەرخۆیی کار بکەن، چونکە ئەم تێڕوانینە چۆن بە رۆژێك و دوو رۆژ دروست نەبووە، بەهەمان شێوە بە رۆژێك و دوو رۆژ لاناچێت، دەبێ هەوڵدەن ئەم تێڕوانینە بگۆڕن و بیسەلێنن کە راگەیاندن یەکسان نییە بە درۆ..